# دەوامی فێرگەو زانکۆکان دەست پێدەکات

بەیانی دووشەممە ١٥-٩-٢٠٠٨ فێرگەو زانکۆکانی کوردستان دەرگەکانیان دەکەنەوەو پێشوازی لە فێرخوازان دەکەن، ئەوانیش بە کوڵێ ئاوات و حەزو گرفتەوە ڕوویان تێدەکەن.

خوێندن و زانست پرۆسەیەکی زیندووی پێگەیاندنی مرۆڤ و ڕۆشنکردنەوەی ئاسۆی داهاتووی مرۆڤایەتین، بەوهۆیەشەوە دەخوازێ کە گرنگی و بایەخی تایبەتی پێبدرێ، بەڵام ئەگەر مێژووی ساڵانی ڕابردوو هەڵبدەینەوە، دەبینین زۆربەی جاران کێشەو گرفتەکان بەسەر فێرخوازان داباریون و حەزو ئاواتەکانی ئەوانیان لە تاریکی و بێهیواییدا نغرۆ کردووە. بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ڕا و سەرنجی لایەنە پەیوەندیدارەکان وەربگرین و لێکدانەوەی ورد بۆ کێشەو ئاواتەکان بکەین.

**هاوڕێ محەمەد** فێرخوازی قۆناغی چوارەمی زانکۆ سەبارەت بەو بابەتە گوتی: 'کێشەو گرفتەکانی فێرخوازان ڕۆژ دوای ڕۆژ گەورەتر دەبنەوە، لەلایەکەوە ڕەوشی خوێندن قورس دەکرێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەوەی کە ڕێژەی دامەزراندن کەم بۆتەوەو حکومەت ئەرکی دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆی لە کوڵ خۆی کردۆتەوەو خۆی بە بەرپرسیار نازانێ و پێمان دەڵێ، خۆتان بە دوای کار بگەڕێن و بۆ خۆتان کار پەیدا بکەن!! ئەمە جێگەی پرسیارە، من پێموایە حکومەت کاتێک دەتوانێ ئەو بڕیارە بدات کە بەڕێوەبەریتی کاری دامەزراندنێ و مووچەی بێکاری بۆ بێکاران دابین کربێ، بەڵام حکومەتێک کە هەر بیری لە بژێوی بێکاران نەکردبێتەوە، چۆن ئەو بڕیارە دەدات و چۆن ماف بە خۆی دەدات کە بڵێ دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ ئەرک و بەرپرسیارێتی من نیە؟!'

لەنێو بازاڕی گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر چەند کچێک لە فرۆشگەیەک ڕاوەستابوون و سەبارەت بە جلی نوێی خوێندن پرسیاریان لە خاوەن فرۆشگەکە دەکرد، ئەوان نیگەرانی و دڵەڕاوکێیان پێوە دیاربوو، لەنێو خۆیانەوە سەبارەت بە نرخی جلوبەرگەکان مشتومڕیان دەکرد. من بە پێویستم زانی پرسیاریان لێبکەم، بەڵام تەنیا یەکێکیان مەیلی وەڵامدانەوەی پێشاندا، ئەوانەی دیکە بەبیانۆی جۆراوجۆرەوە خۆیان لە پرسیارەکان دزیەوە. ئەو کچە ناوی **نارین عوسمان** بوو، سەبارەت بە کێشەی فێرخوازان گوتی: 'ئەمساڵ لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی دەخوێنم، پار ساڵ جلی تایبەتیان پێکرین، ئەمساڵ ڕێنوێنی دەکەن کە جۆرێکی دیکە بکڕین. پار ڕەنگی کراسەکانمان سپی بوو، ئەمساڵ دەڵێن دەبێ ڕەنگی شین لەبەر بکەن! چەند ڕۆژێکە بە دوای جل و بەرگ دەگەڕێم، تا ئێستا نەمتوانیوە بیکڕم، ئەوانەی باشن، نرخەکەیان گرانەو پێم ناکڕێ، ئەوەی هەرزانە مارکەکەی باش نیەو زوو کۆن دەبێ و دەدڕێ، خۆ منیش ناتوانم ساڵانە دوو-سێ دەستە جل بکڕم! باوکم کرێکارە، بەڵام چونکە نەخۆشی ڕەبۆی هەیە، ناتوانێ هەموو کارێک بکات، ئێمە چوار خوشک و براین، هەموومان دەخوێنین، بووینەتە بارێکی گران بەسەر باوکمانەوە، بۆیە ئەم هاوینە لەلای خزمێکم کاری جل دروینم کرد، چونکە شارەزاییم نەبوو، ڕۆژانەکەم کەم بوو، بەڵام دیسانیشەوە هەر باش بوو، بەشی ئەوەم کۆ کردۆتەوە کە جل و بەرگی خوێندنی پێ بکڕم'

مامۆستا **دلزار کەریم**، سەبارەت بە یەکڕەنگی جلوبەرگی فێرخوازان گوتی: 'ئەمساڵ فەرمانمان بۆ هاتووە دەبێ فێرخوازان یەک جۆر جلوبەرگ بپۆشن، خۆزگە ڕەنگی هەموو فێرگەکان وەکو یەک دەبوو، بەڵام هەر فێرگەیە بە ئارەزووی خۆی ڕەنگەکان دیاری دەکات. لەوانەیە ئەمەش کارێکی ئاسان نەبێ، بەتایبەتیش بۆ بنەماڵە هەژارەکان، ئەوان ناچار دەبن کە ساڵانە جلوبەرگی تایبەت بۆ منداڵەکانیان بکڕن، هەندێک جلوبەرگی ساڵی پاریان ماوە، بەڵام ئەگەر لەفێرگەیەوە بۆ فێرگەیەکی دیکە گوازرابێتەوە، لەوانەیە پەسند نەکرێ، ئەگەر وەزارەتی پەروەردە یان دامەزراوەیەکی حکومەت بۆ خۆی جلوبەرگەکان بدروێ و بەسەر فێرخوازەکان دابەشی بکات باشترە، ئەگەر بە خۆڕاییش نەبێ، دەتوانی بە نرخێکی هەرزان بە فێرخوازان بفرۆشێ، بەڵام بەداخەوە ئەمە لەبەرچاو نەگیراوە، بەوهۆیەشەوە خێزانەکان تەنگەتاو بوونە، هیواخوازم کە ڕێگەچارەیەکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، حکومەت خۆی بە خاوەن بزانێ و ئەو کێشەیە چارەسەر بکات'

کاک **عادل سابیر** خاوەنی فرۆشگەی جلوبەرگی ئامادەکراو، سەبارەت بەو بابەتە گوتی: 'سەرەتا ڕەنگەکانیان بۆ دیار کردین، ئێمەش لەسەر ڕاسپاردەی ئەوان قوماشمان کڕی، کەچی دوایی هاتن و پێیانگوتین ڕەنگی کراس کە بڕیاربوو پەمبە (پەمەیی) بێ، بگۆڕن بۆ شین و سپی، من بۆ خۆم چەندین تۆپ قوماشی پەمەییم کڕی بوو، هەمووی ماوەتەوەو کەسیش لێم وەناگرێتەوە، ئەوەتا قوماشی شینم کڕیوە، جا نازانم چەند فێرگە ڕێگە دەدات کە کراسی شین لەبەر بکەن؟!'

هەر بۆ ئەمە مەبەستە **ژن و پیاوێکم** دواند کە هاتبوون جلوبەرگ بۆ منداڵەکانیان بکڕن. ئەوان پێیانگوتم کە سێ منداڵیان هەیە، هەر سێکیان فێرخوازن و هەر یەکەیان لە فێرگەیەکی جیاواز دەخوێنێ. ژنەکە بێزاری خۆی دەربڕی و گوتی: 'فێرگە لەنزیک ماڵی خۆمان هەیە، کەچی کچە بچووکەکەمیان ڕەوانەی فێرگەیەکی دوور کردووە، ئەگەر هاتن و چوون لەسەر خۆمان بێ، زۆر گران ڕادەوەستێ، کۆستەری تایبەت نیە، ئەوجار ناچارین سەیارەی تایبەتی بۆ بگرین، ئەمەش زەحمەتە، من دەپرسم چۆن دەتوانین تەکسی بۆ بگرین؟! ، ئێمە ماڵمان لە گەڕەکی کوێستانە، کەچی کچەکەمیان لە فێرگەیەک وەرگرتووە کە لە گەڕەکی حاکمەکانە، زۆر لە ماڵی ئێمە دوورە، من دەپرسم خۆ ئەوان دەیانتوانی کچەکەمان لە فێرگەیەکی نزیک ماڵی خۆمان وەربگرن! بەڵام چ بکەین؟!'

ئەگەر لەو کێشەو گرفتانە ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێگەی خوێندنی فێرخوازان بە ئاستەنگ و گرفت چنراوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر مەیل و ئاستی خوێندن دادەنێ، بەوهۆیەوە زۆر پێویستە کە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی تایبەت بۆ بەدواداچوونی کێشەو گرفتی فێرخوازان پێکبهێنێ، بەنێو فێرگەکاندا بگەڕێ و فێرخوازان بدوێنێ و ڕاو سەرنجیان وەربگرێ، ئەوسا لە ژێر ڕۆشنایی مەیل و حەزی ئەواندا هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بدات، لانی کەم وەزارەتی پەروەردە دەتوانێ ئەو فێرخوازانەی کە لە فێرگەی دوور لە شوێنی نیشتەجێبوونیان وەرگیراون، بۆ فێرگەی گەڕەکەکانیان بگوازێتەوە، هەروەها وەزارەتی پەروەردە دەتوانێ جلوبەرگی یەکگرتوو بۆ هەموو فێرگەکان دەستنیشان بکات، بەڵام ڕاست نیە کە هەر فێرگەو ڕەنگێک هەڵبژێرێ. وەزارەتی پەروەردە دەتوانێ هاوکاری پێویست بە فێرخوازە هەژارەکان بکات و جلوبەرگیان بۆ دابین بکات. لەلایەکی دیکەشەوە وەزارەتی پەروەردە بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کارەبا دەتوانێ کارەبای پێویست و بەردەوام بۆ فێرگەکان دابین بکات، چونکە ئەگەر فێرگەکان کارەبای بەردەوامیان هەبێ، زۆر لە کێشەکانی گەرمکردنەوەو فێنک کردنەوەیان چارەسەر دەبێ، بەتایبەتیش کاتێک فێرخواز تاقی کردنەوە هەبێ، پێویستی بەوە هەیە کە پۆلێکی ئارام و گونجاوی بۆ دابین بکرێ.

لەوانەیە ئەو فێرگە تایبەتانەی کە بە پارە فێرخواز وەردەگرن توانای ئەوەیان هەبێ کە کێشەو گرفتی ناو فێرگەکەیان چارەسەر بکەن، بەڵام فێرگەکانی دیکە کە تایبەتی نین، کێشەو گرفتی زۆریان هەیە و دەبێ بیریان لێ بکرێتەوە.

لەم پێوەندەدا ڕۆژی گەل هیواخوازە کە وەزارەتی پەروەردەو لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕێکی خێرا لە کێشەی فێرخوازان و کێماسیەکانی فێرگەکان بدەنەوەو بە هانایانەوە بچن، چونکە هەر کۆمەڵگەیەک ئەگەر بتوانێ کێشەی فێرگەو فێرخوازان چارەسەر بکات، داهاتوویێکی ڕووناک بۆ خۆی دابین دەکات.

**ئامادەکردنی: سۆران**



# لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا، خەڵک بێزارو هەراسان دەکەن



ئەگەرچی نیوەی مانگی ڕەمەزانمان بەڕێکردووە، نیوەی زەحمەتیەکانمان بەسەر تێپەڕکراوە، بەڵام دیسانیشەوە حەز دەکەم سەبارەت بەو کێشانە بدوێم کە لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا ڕووبەڕووی خەڵک دەکرێنەوە.

لە بەراییدا دەبێ ئاماژە بەو گرانیەی بازاڕ بدەم کە بەبۆنەی مانگی ڕەمەزانەوە قوت دەکرێتەوە، ئەگەر حکومەتی هەرێم چاودێری بازاڕەکان بکات، دەتوانێ ڕێگە لە گرانفرۆشی بگرێ، بەتایبەتیش ئەو کاڵاو خۆراکانەی کە لەخۆیانەوە گران دەکرێن. ئێمە دەزانین کە نرخی دراو لە بازاڕی کوردستاندا گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، بەوهۆیەشەوە بازرگانەکان بەهەمان نرخی پێشوو کاڵاکانیان دەکڕن و دەیهێننە ناو کوردستانەوە، هەر بەهەمان نرخی پێشووش بە دوکاندارەکانیان دەفرۆشنەوە، بەڵام دوکاندارەکان دەرفەت وەردەگرن و نرخەکانیان گران دەکەن، ئیدی لە ڕێگەی ئاسانەوە سوودو قازانجێکی زۆر دەکەن، ئەمەش تەواو پێچەوانەی پیرۆزیەکانی مانگی ڕەمەزانە. سەبارەت بە گرانی بازاڕ زۆربەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن و بڵاوکراوەکان ڕیپۆرتاژی تایبەتیان ئەنجام داوەو بڵاویان کردۆتەوە، بۆیە بە پێویست نازاندرێ ڕای خەڵک وەربگرم، چونکە دڵنیام کە هەمووتان ئازارو ژانەکانی بازاڕگرانی دەزانن چیەو چۆن کاریگەی لە بنەماڵە هەژارەکان کردووە، بەڵام بە پێویستی دەزانم سەبارەت بەو دیاردانە بدوێم کە لە مانگی ڕەمەزاندا برەویان پێدەدرێ و خەڵکیان پێ هەراسان دەکرێ.

**کەمی کارەبا** لە مانگی ڕەمەزاندا کێشەو مەینەتیەکانی خەڵکی گران و گرانتر دەکاتەوە، ڕەمەزانی ئەمساڵ زۆر گەمە، دەبوایە کارەبای پێویست دابین بکرێ، بەڵام هێشتا بەدەست کەمی کارەباوە دەناڵێنین، موەلیدە ئەهلیەکانیش بەبیانۆی فیوز کردنەوە، ناوە ناوە کارەبا دەبڕن، بەوهۆیەشەوە چەندین خێزان زیانیان پێکەوتووە، کەلوپەلی کارەبایان سووتاوە، هەروەها هەندێک جارانیش لە قرچەی نیوەڕۆدا بێ کارەبا دەمێنینەوە. کەواتە کارەبا یەکێک لەو ئازارانەیە کە لە مانگی ڕەمەزاندا چڕتر خۆیا دەبێ و زیاتر تەنگ بە خەڵک هەڵدەچنێ.

دەهۆڵ کوتان دیاردەیەکی دیکەی ناحەزە کە شەوانە لە کوچەو کۆڵانی هەندێ گەڕەکدا بەرپا دەکرێ. هەموومان دەزانین کە بەمەبەستی پارە پەیدا کردن، هەندێ کەس دەهۆڵ پەیدا دەکەن، شەوانە لە پشتی سەیارەکانەوە سوار دەبن و بە کۆڵانەکاندا دەسوڕێنەوەو خەو لە خەڵک دەزڕێنن. جاری واهەیە کە هێشتا زۆری بۆ پارشێو ماوە، بەڵام کاکی دەهۆڵ کوت بۆ ئەوەی فریای کۆڵان و گەڕەکی دیکە بکەوێ، دەست پێدەکات و خەڵک ڕادەچڵەکێنێ.

**هۆڕن لێدان** یەکێکە لە دیاردە دزێوەکانی دیکە، کاری ئەو سەمون فرۆش و نۆک فرۆش و لۆبیا فرۆشانەیە کە دوایی کاروانی دەهۆڵ کوتان لە کوچەو کۆڵانەکاندا دەسوڕێنەوەو خەڵک بێزار و هەراسان دەکەن. ڕاستە خەڵک بۆ خۆی پێویستی بەوە هەیە کە نان و سەمون و پێداویستیەکانی پارشێو بکڕێ، بەڵام واتای ئەوە نیە کە فرۆشیارەکان هۆڕنەکانیان گەورە بکەن و بەردەوام لێیان بدەن.

بێگومان دەهۆڵ کوتان و لێدانی هۆڕن هیچ لەبەرژەوەندی خەڵک دانیە، چونکە زۆربەی خێزانەکان منداڵیان هەیە و پێویستیان بەوە نیە کە پارشێوان بانگبکرێن و هەڵبستنەوەو پارشێو بخۆن، ئاخر دەهۆڵ کوتەکان و هۆڕن لێدەرەکانیش دەزانن کە منداڵی ساوا ئەگەر لە ناوەختا بە ئاگا بهێنرێ، ئیدی خەوی لێ دەهەڕمێ و بە زەحمەت دەخەوێندرێتەوە، کەچی ئەوان هیچ پێوانەیەک بۆ منداڵ و مرۆڤی نەخۆش و پەککەوتەو بەساڵاچوو ناکەن، لەکاتێکدا دەزانن کە ئەو مرۆڤانە پێویستیان بەوە نیە پارشێوان خواردن بخۆن، هەروەها ڕۆژو گرتنیشیان لەسەر نیە، ئەی باشە بۆچی کارێک ناکەن تا خەوی منداڵ و مرۆڤە نەخۆش و پیرو بەساڵاچووەکان نەزڕێ و بەئاگایان نەهێنرێن؟!

**کڵاو لەسەرنان** دیاردەیەکی دیکە کە لە مانگی ڕەمەزاندا بەرچاو دەکەوێ، هەندێ کەس هەر بۆ خۆ دەرخستن، شەوانە کڵاو لەسەر دەنێن و بەرەو مزگەوتەکان دەڕۆن و وا پێشان دەدەن کە تەراویح دەکەن و زیکری خوا دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانە ڕۆژوو ناگرن و باوەڕیشیان پێ نیە، هەروەها هەندێ کەسی دیکە ڕۆژو ناگرن کەچی بۆ فریودانی خەڵک وا پێشان دەدەن کە بەڕۆژون!! ئەمەش جگە لە بێزارکردن سوودێکی دیکەی نیە، مرۆڤ ئەگەر بۆخۆی باوەڕی بە ڕۆژوگرتن نەبێ و بەڕۆژو نەبێ، هەق نیە لەبەر قسەی خەڵک وا پێشان بدات کە بە ڕۆژووە!!

**قەڵەباڵغ پەیداکردن** دیاردەیەکی هەراسانکەری دیکەیە، هەندێک لە شۆفێرەکان دروستی دەکەن، گوایە دەچنە مزگەوتەکان و بە جەماعەت نوێژ دەکەن، کەچی بایەخ بە ڕاگرتنی سەیارەکانیان نادەن، زۆربەیان سەری سوچەکان دەگرن، یان لەم دیوو لەو دیوی شەقامەکە سەیارەکانیان ڕادەگرن، بەمەش جادەکە بەرتەسک دەکەنەوەو ڕێگە لە ڕێبواران دەگرن و خەڵک هەراسان دەکەن، کەسێک کە بۆ خوا ڕۆژو بگرێ، هەقە ئازاری کەسانی دیکە نەدات و گرفتیان بۆ دروست نەکات، کەچی هەندێک لەوانەی کە دێنە مزگەوتەکان و سەیارەکانیشیان لەسەر سوچ و لەناوەڕاست و لێواری شەقامەکان ڕادەگرن و گرفت بۆ هاتن و چوونی خەڵک دروست دەکەن، دەبێ بزانن کە گوناهێکی گەورە دەکەن و دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە زیانیان لە سوود گەورەترە.

بۆ ڕێگە گرتن لەو دیاردە دزێوانەی کە لەمانگی ڕەمەزاندا بەرچاو دەکەون و خەڵکیان پێ هەراسان و بێزار دەکرێ، دەبێ مامۆستایانی ئایینی لە وتارەکانیایدا باسیان لێوە بکەن و لایەنی خراپیان بخەنە بەرچاوان، چونکە وەک دەگوترێ کە مانگی ڕەمەزان مانگێکی پیرۆزە، ئەی باشە ئەو هەموو هەراسان کردنە بۆچی؟!

**کامەران حەسیب**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com